# چیرۆکێکی نەبیسراو لەگۆپتەپەی شەهیدانەوە ببیستن !

ئا: هێمن عەبدوڵا– گۆپتەپە



شوان ئەحمەد دانیشتوی گوندی گۆپتەپەیەو لە کیمیابارانەکەی گۆپتەپەدا تەمەنی (هەشـــت) ســـاڵان بووە.. لە ژێر ســـێبەری دار توویەکی حەوشـەکەیان کە دوای چەند جار سووتان وکاو لکاری هێشتا جارێکیتر هیوای بە ژیان هەبوو، پێکەوە دانیشتبوین، بەدەم گێڕانەوەی یادەوەریە تاڵەکانەوە کەبەسەر خەڵکی بێ تاوانی ئەم گوندەدا هاتبوو، کە زیاترلە چەنـدینجـار لەلایەن ڕژێمە یەک لەدوای یەکـانی عێراقەوە دەرهەقی کراوە، شـــوان زۆر بە حەزینییەوە بۆ چەندســـاتێک بە خەیاڵ منی جێهێشت بەڵام ، هەر زوو هستم کرد کە ڕوداوێکی زۆر خەمناک و هەست تەزێنی بیرکەوتۆتەوە چونکە، ڕەنگی زەرد هەڵکەڕابوو، کەلێم پرســـی چیە هاوڕی بۆ وایە شۆکاوی..؟ وتی چیت بۆ بگێڕمەوە ، چیرۆکێک هەتا ئێســـا ناخم هەڵدەقرچێنیو لەدڵی خۆمدا هەڵم گرتوە، ئەم جارەش لەناخەوە هەژاندمی کە تائێسا مەیلم بەبووە، بۆهیچ کەسێکی بگێڕمەوە چونکە، بەردەوام ئازارم دەدا..هەربۆیە نەشم ویستوە کەس هاو شێوەی من ئەو تاڵاوە هەست تەزێنە ببیستێ.....!بەڵام کە داوام لێکرد بۆم بگێڕێتەوە هەناســـەیەکی قوڵی هەڵکێشـــاو کەوتە گێڕانەوەی ئەو بەســـەرهاتەی کەوەک خۆی دەڵێ لەوەتەی هاتومە دونیاوە و تاکۆتایی ژیانیشم بۆ هەمیشە لە یادو بیرم دەرناچێت :

بیرمە دەمەو ئێوارەی 3ی ئایاری ســـاڵی 1988 ڕۆژووانەکانی گۆپتەپە لەچاوەڕوانی شـــکاندنی بەربانگدابوون تا بە دەنگی مەلاو

[1]{أللەواکبر}،بەربانگ بکەنەوە بۆئەوەی بەلە تەنانێکی ڕەق یان جەند دەنکە (قەســـپێک)بەڵام،مەخابن نەیانزانی گۆپتەپەش هەمان شـێوەی هەڵەبجەکەم هەموویان بەبۆنی سـێو دەخنکێندرێن ئاوای خەریک بووخۆر ماڵئاوایی لێبکاو دواتیشکەکانی بهاوێژێ وچۆلەکەو پاساریەکانیش بگەنە هێلانەکانیان بەڵام دەنگی فرۆکە هاتە بەرگوێم ئەوەی غەریب بوو کاتەکەی بوو، چونکە ئەوکاتانە کەمتر خەڵک پێشـــبینی فرۆکەی دەکرد، ئیتر زۆری نەبرد کە چەند تەیارەیەک گەیشـتنەسـەر ئاسـمانی گۆپتەپە دیاربوو لەپێشـەوە ئاراسـتەی بایان تاقی کردەوە ئینجا گەرانەوەو چەند بۆمبێکیان بەردایەوە، ئەوکات نەمان زانی ئەوە دیاری مەرگ هێنن ..بۆ پەپولەو گوڵ وماســـی و چۆلەکەو منداڵ وپیرو گەنج !!بەڵام ئەوەی کەمن دەمەوێ بۆتی بگێڕمەوە بۆمبارانێکی ئاســـایی نەبوو کە خەڵک پێی راهاتبوون، بەڵکو ڕۆژی حەشـــربوو، پاش چەند خولەکێک دوای کەوتنەخوارەوەی بۆمبە نەگریســـەکانی بەعس کە لەچەندشـــوێنێکی گۆپتەپە کەوتنەخوارەوە دانەیەک لەو خەڵاتە مەرگهێنانە سەت مەترێک لەدووری دەرگای حەوشەکەمان ناڵەی کرد، ئیتر ژیان وێک هاتەوەو هەموو شـــتێک شـــێوا،تەنانەت دایک ئاگای لەکۆرپەیە نە باوک ئاگای لەجەرگی خۆیەتی خۆریش وردەوردە بۆدەم کەل شـۆڕدەبووەوە. ئەم دێڕەی باوکم قەد لەیاد ناچێ وتی:{بابڕۆین کەس نەما ئێمەش ئەمرین} پورم گیانی ئەدا دایکم دەیگووت: قەت جێی ناهێڵم منیش ئەبێ لەگەڵ ئەودا بمرم نازانم بۆجی یەزدان بارانێکی دانەکردو ئەم

[1] هەندێک لە گوندنشینەکانی دەوروبری هەولیروناوچە جیاجیاکانی بە خورما دەڵێن بەتایبەتی ئەوکاتەی هێشتا وشکەو پێنەگەیووە.

خەڵاتی مەرگەی لێنەسەندینەوە..! دوای ئەوەی لەماڵ دەرچوین فەترەیەکی زۆر کەم ڕۆیشتین باوکم وتی: سەیرە چاوم نابینێ دەستیم گرت وهەروا دوو دەقیەیەک ئەم جارەیان وتی ناتوانم بڕۆم دانیشت قاچەکانی ئەرزیان نەدەگرت، زۆرمان هەوڵدا بێ سوودبوو من وبرا بچوکەکەم ونەنکم ئیتر نەمان توانی بەجێیبهێڵین بەگریان دەورمان لێدا دونیا تاریک بوو، لەبەر هاواری مرۆڤەکان و ناڵەناڵی ئاژەڵ و جوکەجوکومەڵوباڵندەکان کەس ئاگای بەکەسەوە نەمابوو، هەتا ئێستا جوکەجوکی باڵندەکان وەکو دوعاوپارانەوە دێتەبەر گوێم، لەناکاو دووتارمایی دەرکەوتن کەگەیشتنەلامان پرسییان ئەوەچیە..؟ منیش وتم باوکم کوێر بووە ناشتوانی بڕوا جانتایەکیان پێ بوو زانیم دکتورە زۆر بەقوربانوبەسەدەقەی بوین هەتا دەرزیەک لەباوکم بدات کە زانی زۆر حاڵی خراپە دەرزی لێدا، باوکم پاش ماوەیەک بەرچاوەکانی باشتربوونو روناک بوونەوە زمانیشی کرایەوەو کەوتە قسەکردن بەدکتۆرەکەی گوت: ئەمە برامە لەگەڵمدا بەمیوانی هاتوە بۆلام تەنها ئەو دەرزیەشم پێمابوو بۆ ئێوەم بەکار هێناوە هەرچیم پێ بووە لەخەڵکم داوە ئەو دەرزیەم بۆبراکەم هەڵگرتبوو کە براکەی چاوی بەمنو براکەم ونەنکم کەوت وتی لەبەرخاتری ئەودوو منداڵە زوور گوناحن بزانە عیلاجێکی بوناکەی ئێستاش دەستەونزا لەپەروەرینی تاقانە دوعایان بۆ دەکەم کەلەو ساتەناخۆشەدا بەفریامان هاتن پاش ئەوەی بەجێیان هێشتین زۆری پێنەچوو پیاوێک بەدەم هاوەرەوەبەرەو ڕوومان دەهاتو دەگریاو بەهەردووەدەست ئەیدا بەسەری خۆیدا دیاربوو ئەویش ئازیزێکی لەدەستدابوو..کەلێی چوومەپێشەوە تەماشام کرد هەر ئەو کەسە فریاد رەسو مرۆڤ دۆستەبوو، کە پێش چەند خولەکێک گیانی باوکمی لەمردن ڕزگارکرد، کەچی وادەبینم ئێستا ئەو شیوەن بۆ مەرگی برامیوانەکەی دەکا..بەراستی چرکە ساتێکی قورسوناخۆش بوو، منیش وتم باوکە ئەمە ئەوکەسەیە کە دەرزیەکەی براکەی خۆی لێدای ئەوەتا براکەی گیانی پاکی سپارد زۆر زۆرحاڵی پەرێشان بوو، تفەنگێکی پێبوو باوکم تفەنگەکەی لێوەرگرت لەترسی ئەوەی نەکا خۆی بکوژێ پاشان ئەویشمان بە بریندراری لەگەڵ خۆمان برد، باوکم وتی: ئێمەش لە 12کەس تەنها 4کەسمان دیارە ئەو شەوە پێکەوە بووین بوبەیانیەکەی لێمان جیابووەوە، هەرچەندە منیش باوکم لەوکارەساتەدا لەناوچوو بەڵام، لەیەزان داواکارم روحی سەرجەم شەهیدانی کیمیابارانی کوردستان بەبەزەیی خۆی شاد بکاو ئەوکەسانەی کە بەسەر ئەنفال وکیمیابارانەوە بازرگانی دەکەن هەرهیچ نەبێت، لەدوای ئەم چیرۆکەوە شەرم بیانگرێتو ئیتر هەڵوێستەیەک بکەن،لەسەر گیان لەدەستدانی باوکی من و ئەو کەسەی دەرزی لەبراکەی خۆی نەدا لەبەرخاتری باوکی باوکی من،هیچ نەبێت کەمێک ویژدانیان بجولێنێت......!!؟